كوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە

# یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەنێو گەمە ستراتیژییەکانی پارتی دا .. !!!

## شەماڵ بێدار

ماوەی ئەوندە ساڵەی تاڵاوی شەڕی ناخۆی یەکێتی و پارتی لە ماڵوێرانی بۆ کوردو کەم کردنەوەی گرنگی کێشە نەتەوەیی و ستراتیژییەکانی زیاتر هیچی دیکەی لێشین نەبوو ، بەڵام لەپاش شەڕ ئاشتەواییەو ئەنجامی ئەو ئاشتەواییەش ڕێکەوتنێکی ستراتیژی لە نێوان یەکێتی وپارتی هاتە بوون ، کە خۆی لە چەند خاڵێکی گرنگدا دەبینییەوە و ئەوانیش ( بەفەرمی دانپێنانی یەکێتی بێت بە لە ٪ ٥١ ی دەنگەکانی پەرلەمان ( کورسی ) بۆ پارتی و لە ٪ ٤٩ بۆ یەکێتی خۆی بێت و ...هتد ) . ئەمەکراو پاشان دەسەڵاتەکان دابەشکران و بڕیار درا بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە دەست پارتی بێ و سەرۆکایەتی پارلەمانیش یەکێتی بێت و قسە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی وزارەتە سیادی و سادەکانیش کراو بەشکران . پێش ئەوەی قسەبکەین ... کە قسە زۆرە ، بەڵام هەڵوەستەیەك دەکەین و بەراوردێکی بچوکی ئەو سێ پارێزگایەی کوردستان دەکەین کە ناوی لێنراوە هەرێم و خۆیان لە هەر سێ پارێزگای ( سلێمانی - هەولێر – دهۆك ) دەبیننەوە و بزانین ئەم دووساڵی سەرکردایەتیکردنەی حکومەتی هەرێم لەلایەن پارتی و خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نێچیر بارزانی یەوە چیی بۆ ئەم سێ شارە کراوە لەرووی ( میعمار + ژینگە + چاککردنی باری دارایی هاوڵاتی و پتەو کردنی ژێرخانی ئابووری و...هتد ) ، هەڵبەت بەبەراوردێکی کەم دەردەکەوێ پشکی شێر بۆ هەولێرو دهۆك و پشکی پشیلەش بۆ سلێمانی ..!!! ئەمە بە نەك یەك و دوو بگرە بە سەدان و هەزاران بەڵگەو مستەمسـەك ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی دیکەوە باس لە هیچ ناکەین تەنها ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان نەێت ، تۆ سەیری ئەو فەرق و جیاوازییەی کە حکومەتی هەرێم لە نێوان لاوانی پارتی و ئازادی لاوانی یەکێتی دەیکات لەرووی ئەو نەسـرییەی کە مانگانە پێیان دەدرێ ، لاوانی پارتی نەسـرییەکەیان کە مانگانە بۆ سـکرتاریەتیان دەچێ بڕی ( ٣٥٠ ) ملیۆن دینارەو ئازادی لاوان تەنها ( ٥٠ ) ملیۆنە دینارە !! ئەمە وەکو نموونەیەکی بچوك و بگرە سەدان و هەزاران کێشمەکێشی دیش لەگۆڕێیە بۆ حزب و خەڵکانی سەر بەناوچەی کەسك و هی تریش .. کەرکوك کە شەڕی لەسەرەو موزایەدەی کوردایەتی پێلێدەدرێ و کوردی قوربەسەری ئەوشـارەش وادەزانن لەبەر چاوی کاڵی ئەوانە و نازانن شێوەنەکە بۆ هەلیسەکەیە ..!!! جار نەجارێ هەندێ کاری لێرەو لەوێی خزمەتگوزاری لەبودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ئەنجامدەدرێ وەکو قیرتاوکردنی چەند شـەقام و سـەبکردنی چەند کۆڵان و لاکۆڵانێك ، بەڵام بەناوو شـوهرەتی بارزانی و نێچیر بارزانییەوە!! چۆن ... ؟؟ ئەمە بۆخۆی پرسیارێکەو پێویستی بەوەڵامە ... لەکەرکوك چەند پرۆژەیەك ئەنجامدراوە وەکو هەندێ زێراب یا قیرتاو یا سەب و شۆستە نەوژەنکردنەوە ، ئەمانە بەناوی پارتی و نێچیر بارزانی دەفی ۆ لێدراوە کەچی لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم بەئەنجام گەیشتوون !!! ... واتا ئیستغلالکردنی ئەموالی دەوڵەت و هەرێم بۆ ئامانجی کەسبکردنی خەڵکی بۆ حزب بۆ بنەماڵە ... ئەبێ سەرکردایەتی یەکێتی ئەمە نەزانن و نەیانبیستبێ ، هەر هیچ نا ئەوا ( نجاە حسن ) ی بەرپرسی لقی / ٣ ی

پارتی لەکەرکوك بزانن چۆن دەئاخڤێ و بۆ ئەو مەسەلانە چۆن زۆرنای هەڵگرتووەو فوی پێدادەکات ... ئەوێك ئامادەبێت بچێتە سەردانی یەك بەیەکی ئەو لیستی ناوەی کە موعتەمەدی ئەمنی کەرامەبوون و لە رۆژنامەی هەواڵ بڵاوکرایەوەوهەندێکیان لەریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کادرو ئەندام کەرت و ئەندام پۆل و خوارتربن و پێیان رابگەیەنێت کە ئەوە پارتییە سنگی کراوەو واڵایە بۆ ئێوەو هەمووکەسێك .. ئێمە بەرپرسیارین لەئێوە و ئێوەن لە ژێرچەتری پارتی و بارزانی پارێزراون ، لێرەشەوە دەپرسین و دەڵێین بۆ جەنابی نجات حەسەن خۆتان جاش و مەفرەزە خاصە و موعتەمەدی ئەمن و هەڵقەلەگوێتان گەلێ کەمە تا بانگەشە بۆ خەڵکی دیکەش بکەن ..؟؟ !! باشە نجات و ئەمسالی نجات حسن ئەمە بکەن ئەی چۆن نابنە دەف هەڵگرو ئەو هەندە پرۆژە سەقەت و سقوتەی کە بە پارەو بودجەی حکومەتی هەرێم لەلایەن کۆنە برای عودەی و قصی صدام حسێن ( دڵشادی پیرۆت حداد ) ەوە تەندەرەکان بە کەسانی خۆیان بدرێ و لە ئە نجومەنی بێئاگای لەهەمووکارو کردەکانی پارتی و دڵشـــادی بەناو ئە نجومەنی پارێزگای کەرکوك ... ئـــەی چۆن ئەوکارانە ناکەنە ئەنـجازێ بۆ نێچیر بـــارزانی و پارتی و بنەماڵە ...!!!؟؟ با لێرە دا ئێستێك بکەین و بێینە سەر هەندێ مەسەلەی هەنووکەیی ، ئێستا پارتی بەنیازە لە پێش کۆتایی هاتنی حوکمی دەسەڵاتی نێچیر تەمدیدی دووساڵ بەشە حوکمەکەی یەکێتی بۆ کاك نێچیر بارزانی بێت و ئەو وەریگرێتەوە ..!! ئەمە بکرێ و لەبەرامەردا وزارەتی مالیە بدرێ بە یەکێتی ...!!! ئەرێ ئەی هاوار خەڵکینە ئەم نا ئەنصافی و خەڵکی بە کەم زانین و سوکایەتی بەشەهید و پێشمەرگەیە یانی چی ..!!!؟؟ بۆ نێچیر پیاوی ئەزمات و سانع التاریخ و چی و چی ترە ... منداڵێکی گەورەی کاڵفام و موراهیق و حبی زەعامەت و هەموو کەس بە بچوك و کارەکەر سەیرو کردوو زیاتر چی ترە .. ئەگەر کوڕی بنەماڵە نەبێ کێ..........کڵاوی ئەوو عەشیرەتەکەشیان دەپێوێ .. ئەگەر یەکێتی تەنازول لەم ماوەو وادەی دووساڵی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەی خۆی بکات ئەوا بێشك خائین و خائینن .... ئەگەر نا ئەوا زماندرێژەکان زمانیان زیاتر و زیاتر درێژ دەبێ و ئەڵێن بەڵێ هەقی پارتییە ئەم داوایە بکات چونکە یەکێتی کێ دابنێ وەکو سەرۆکی حکومەت ... ؟؟ کێ ی هەیە شایانی ئەو مەقام پلەو شوێنە بێ ... ئەوەی هەیە یا دزە یا بێئەنصاف و بێ مواسەفات و یا بێ شەهادەیە ... !!!؟؟ بۆیە داواکارین کە یەکێتی هێندە زەعیف و بێهەڵوێســـــت نەبێ لەبەرامبەر پارتییەك کە پیاوە ماقول و پڕ شـــــەهامەتەکەیان زەعیم عەلی و فازڵ موتنی و محمد مەلا قادر و.....هتـــد بێت ... هەر بەم بۆنەیەوە دەڵێـــن ( نجات حسن ) دەچێتەلای بارزانی و دەڵێ : ( گەورەو سەردارم ئێمە لە سەرەتای پرۆسە کە چوینە کەرکوك لە سەدا بیست و یەکێتی لە سەدا هەشتا بوون ، بەڵام لەماوەیەکی کەمدا و تا ئێستا توانیومانە بەهەوڵی لق و کادرە گیان لەسەر دەستەکانمان ئێمە وەکو پارتی ببینە لەسەدا هەشتاو یەکێتی ببێتە لە سەدا بیست ... ) ، سەرۆك بارزانیش هەندێ پێدەکەنێ دەڵێ : (راستەکەی کاك نجات قسەکەت تەواوە .. بەڵام ئەو ئازایەتییە هی جەنابتان نییە ، خوا بەقوربانی هەڵە و کارەو نامەسئوولییەتەکانی جەلال جەوهەرو یەکێتیمان بکات ، دەنا ئێمە ئەوە نەبووین ... ) ئەمە ئێستا بۆتە نوکتەو هەڵوێستێك لە یەکێك لە هەرە هەڵوێستە پڕپێکەنیناویە ئاساکانی نجات حسن ...!!!